# وتارێکم ٢٧ ساڵ بەر لە ئێستا، بە ناوی:

# ئایا کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت؟

ڕۆژنامەی *پەیام* ژمارە ١٢، دیسامبەری ١٩٩٨
دواتر وتارەکە لە کتێبی نووسەردا، *ئەوەی ئەوڕۆ سیاسەتە سبەی مێژووە*، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، لاپەڕە ١٣٩-١٤٢، بڵاو بۆتەوە.

تێبینییەکی گرنگ:
ئەم وتارە بە بۆنەی ئەو نامەیەوە نووسراوە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەم مانگی نیسانی ١٩٩٨ ئاراستەی حکومەتی تورکیای کردو تیاییدا داوای کرد لە ڕێگای دایەلۆگەوە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت. ئەم تێبینییە گرنگە، چونکە ئەوە پیشان دەدات کە وتارەکە مانگی نیسانی ١٩٩٨ نووسراوە، واتە بەر لە دەرچوونی یا دەرکردنی ئۆجەلان لە دیمەشق. سەرەتا وەکو وتار بۆ ڕادیۆی *ئاوات*، لە شاری مالمۆی سوید نووسراوە و دواتر لە ڕۆژنامەی "*پەیام*"دا بڵاوبۆتەوە.

---

نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ سەرانی تورکیا، پەیامێکی دیپلۆماسییە. پەیامی دیپلۆماسیش بەهێزی یان بێهێزی لەوەدایە، کە ئایا ئەو پەیامە لە کاتێکی گونجاو و بۆ لایەنێکی گونجاو دەنێردرێت یان نا؟

وا دیارە ئەمڕۆ نە کات و نە لایەنی وەرگری پەیامەکە، گونجاون. لە ڕووی کاتەوە دەتوانرێت بگوترێت: ئەم پەیامە لە کاتێکدا دەنێردرێت، کە پەکەکە بەهۆی جیابوونەوەی سەرکردەیەکی لەشکری، واتە شەمدین ساکیک، لە بارێکی لاوازدایە و لەشکری تورکیش ئامادەیە بۆ ئۆپەراسیۆنێکی گەورە لە باکووری کوردستاندا. هەروەها لە کاتێکدایە کە ژەنەراڵەکانی ئەو وڵاتە لە هەر کاتێکی تر زیاتر کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە. لە لایەکی ترەوە، لەم هەلومەرجەدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کات بە گونجاو و لەبار دەزانێت و دەیەوێت بەو پەیامە بە ڕژێمی تورکیا بڵێت: ئەمڕۆ شەڕخوازێک، کە شەمدین ساکیکە، وازی لە پەکەکە هێناوە و تەنیا

ئەم خۆی (واتە ئۆجەلان) ئاشتی دەوێت. ئەم بۆچوونەی لە راستیدا سادە و لەبارچووە.

ئەی لایەنی وەرگری پەیامەکە (واتە تورکیا) بۆچی لەبار نییە؟

بێگومان لەبەر ئەوەیە کە تا ئێستاش تورکیا ئەوە رەتدەکاتەوە کە کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سیاسی نەتەوەیی ببینێت. تورکیا هەر وا دەزانێت کە مەسەلەی کورد مەسەلەی دواکەوتوویی ناوچەی کوردستانە، لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. واش پێدەچێت کە کاتێکی زیاتر پێویست بێت تا تورکیا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەییە و دەشبێت لەم گۆشەی بینینەوە بیری لێبکرێتەوە و پلانی چارەسەرکردنی بۆ دابنرێت.

بە مانایەکی دیکە: رێبەری پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نامەی داواکاری بۆ راگرتنی شەڕ لە کاتێکی نەگونجاودا بۆ لایەنێکی نەگونجاو ناردووە. ئەو لایەنەی نەک هەر ئەو داواکارییە وەرناگرێت و بە جۆرێکی پۆزەتیڤانە کاری لەگەڵدا ناکات، بەڵکو ئەو پەیامی شەڕ راگرتنە بە بێهێزی پەکەکە دەزانێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا قەناعەتی تورکیا بەهێزتر دەکات کە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا پەکەکە لەناو دەبات، ئەوەش وا دەکات، کە نەک هەر ئەم پەیامی شەڕ راگرتن و خواستی دەستپێکردنی دایەلۆگێکی ئاشتییانە لە نێوان هەردوو لایەندا هیچ باشی و ئاسۆیەکی نەبێت، بەڵکو بە زیانیش بۆ پەکەکە بگەڕێتەوە.

پرسیارێکی گرنگ ئەمەیە: ئایا تورکیا، یان هەرنەبێت بەشێکی گرنگ لە دەسەڵاتدارانی تورکیا، حەز دەکەن ئەم شەڕە لەگەڵ کورددا کۆتایی بێت؟

نووسەری ئەم وتارە، گومانی هەیە لەوەی تورکیا حەز بە برانەوە و کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە بکات. ئەو بۆچوونەش لەسەر ئەم خاڵانە بنیات نراوە:

١) لەشکری تورک، بە تایبەتی ژەنەڕاڵەکان، و پیشەسازی سەربازی و هێزە راستڕەوە شۆڤینیستەکان و بەشێک لە بیرۆکراسی تورکی و مافیای ئەو وڵاتە (بەشی گرنگی دەوڵەتی قوڵ)، هەموویان بە بوونی شەڕێکی سنووردار لە کوردستان گوزەرانیان باشترە و بەرژەوەندییەکانیان باشتر پارێزراون. لە راستیدا بۆچوونێکیش هەیە کە لە بنەڕەتدا ئەم توخمانەن کە ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکەن.

٢) بە بەردەوامبوونی شەڕ، تورکیا باشتر دەتوانێت رەوایی بە شەڕی لەناوبردنی گەلی کورد لە تورکیا بدات، بەوەی کە وشەی (یا سیفەتی) تیرۆریزم خراوەتە پاڵ خەباتی چەکداری پەکەکە، رژێمی تورکیا توانیویەتی بە ئاسانی پشتگیری بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوا بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی ئەمریکا.

لیرەدا چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە: ئایا کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە بە شێوەیەکی تر بیر بکاتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە، کە بوێرانە گومان بخرێتە سەر سوود و گرنگی چەک و فەلسەفەی زەبروزەنگ؟ ئایا کاتی ئەوە هاتووە بیر لە بەتەواوی وازهێنان لە چەک بکرێتەوە و پەیامێک بەم مانایە بۆ کۆمەڵگای جیهانی بنێردرێت، نەک بۆ شەڕخوازانی ئەنقەرە؟

ئەز باوەڕ دەکەم، کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە بەتەواوی واز لە چەک بهێنێت و هەموو قورسایی خۆی بخاتە سەر چالاکی و کەناڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان.

بە نیسبەت فەلەستینییەکانەوە، لە ساڵی ١٩٨٨دا کات لەبار بوو، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چیتر زەبروزەنگ پەیڕەو نەکەن و چەک بە لایانەوە چووە مێژووەوە.

وا دەزانم بۆ پەکەکە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢ کات گەیشتبوو، کە بەتەواوی واز لە چەک بهێنێت و چیتر پەکەکە لایەکی هاوکێشەکە نەبێت لە سووتاندنی کوردستان، واتە لە ئاگرێکدا کە

خۆکێشانەوە لێی نەک هەر قەوارەی ماڵوێرانی لە باکووری کوردستان زۆر کەمتر دەبێتەوە، بگرە بە وازهێنان لە چەک، کورد دەکەوێتە سەر رەوتی هێرشی دیپلۆماسی و تورکیاش دەکەوێتە حاڵەتی بەرگری دیپلۆماسی.

بە راستیش ئیسرائیل لە هەر پێنج شەڕەکەدا لەگەڵ عەرەب بە سەرکەوتوویی دەرچوو، بەڵام بڕیاری فەلەستینییەکان بە وازهێنان لە بەکارهێنانی چەک، ئیسرائیلی تووشی گەورەترین سەرلێشێوان و بگرە شکستهێنانی دیپلۆماسی کرد.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە بەتەواوی دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و بەوەش کارتی رەوایی شەڕی قەلاچۆکردنی کوردان، کە بە بیانووی شەری دژ بە تیرۆریزمەوە دەیکات، لە دەست تورک دەربهێنێت. هەروەکو چۆن فەلەستینییەکان (لە ١٩٨٨) توانییان کارتی رەواییدان بە شەڕ لە دەست ئیسرائیلییەکان دەربهێنن. چونکە تازە چیتر مەسەلە شەڕ نییە دژی "تیرۆریستە فەلەستینییەکان"، بەڵکو ئاشتییە لەگەڵ فەلەستینییە "ئاشتیخوازەکاندا"!

بە وازهێنان لە چەک، کورد لە باکوور خۆی لە پەیوەندی وابەستەیی بە رژێمی سوریا و هەندێک رژێمی ترەوە رزگار دەکات و خەبات دەبێت بە خەباتێکی خۆماڵی. لایەکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە پەکەکە سەرکەوتوو بووە لە جۆش و خرۆشدانی جەماوەر لە باکووری کوردستان و مۆبیلیزەی کردوون و ناسنامەی ئێتنیکی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان بەهێز کردووە. پەکەکە ئەمانەی هەموو تا کۆتایی هەشتاکان بەدەست هێنا، بەڵام لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە جووڵانەوەی چەکداری پەکەکە زیاتر **خولانەوە** بووە بە دەوری **خۆیدا** و **بگرە تووشی قەیرانیش بووە**. بە مانایەکی دیکە، ئەگەر سەرکردایەتی پەکەکە بیەوێت لەم راستییە بگات، **خەباتی چەکداری رۆڵ و مانای بەسەر چووە!**

______________________